سەماحەتی حەکیم هاوپەیمانەتی خۆی بۆ خۆپیشاندانی تویژەکی مامۆستایانی سلێمانی ڕاگەیاند

بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی هاوپەیمانەتی خۆی بۆ خۆپیشندانەکانی توێژێکی مامۆستایانی سلێمانی ڕاگەیاند.

لە نزیکەوە چاودەری خۆپیشاندان و ئەو هەڵوێستانە دەکەین کە توێژێکی مامۆستایانی شاری سلێمانی ئەنجامی دەدەن، ئێمە هاوپەیمانیمان بەیان دەردەبڕین و داواش لە حکومتی هەرێم دەکەین مە شایستەکانیان سەرف بکات وبایەخ بەو توێژە گرنگە بدات، دادپەروەرانە نییە کە مەینەتییەکانی ئەوان بێ چارەسەر بمێنێتەوە، هەروەها حکومەتی ناوەندی هاندەدەین کە بەدەوام بێت لە هەوڵەکانی بۆ ئەوەی داواکارییەکانیان لەخۆوە بگرێت و بەدواچوونی کێشەکەیان لەگەڵ حکومەتی هەرێم بکات.

هەروەها ئەو هەلە دەقۆزینەوە بۆ ئەوەی داوای مافەکانی وانەبێژانی ڕەسافیەی بەغدا بکەین و کار لەسەر دابین کردنی پلەی وەزیفی بۆ ئەو توێژە بکەین کە زۆری بۆ سروشتی پەروەردەمان و خوێندنمان پێشکەش کردووە و چەندین ساڵ بەرگەی کارکردنی بەخۆڕایی گرتووە و یارمەتی دەربوون بۆ ئەوەی کەموکوڕییەکانی کادیرانی خوێندن پڕبکەنەوە، تا ئەمرۆش ئەوان چاوەڕێن کە مافەکانیان بەپێی توانا بۆ دابین بکرێت.